مەترسی بەعەرەبکردنەوەی باشووری کوردستان: شرۆڤەیەک لە بەرهەمی" لە ئامێزی سۆشیال سایکۆلۆجی "

ئاسۆ بیارەیی

## شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی

ئەگەر سەرنجێک بدەینە باری نەتەوەیی ئەمڕۆی باشووری کوردستان دوای ڕووخاندنی ڕژێمی داگیرکەری عێراق، دەبینین لە جاران زیاتر کۆچکردنی نەتەوەی عەرەب بۆ ئەو بەشەی کوردستان بەردەوامە. ئەمە خۆی لە خۆیدا زەنگێکی پڕ مەترسییە بۆ داهاتووی پێکهاتەی نەتەوەی کورد، وەکوو نەتەوەیەکی سەربەخۆ و کۆمەڵگەیەکی تەواو جیاواز لە نەتەوەی عەرەب، کە پێویستە بە هۆشمەندی کاری بۆ بکرێت.

## مەترسییەکانی کۆچکردنی عەرەب بۆ کوردستان

هاتنی هێزی کاری عەرەب و نیشتەجێبوونیان لە باشووری کوردستان، ئەگەر لەژێر هەر بیانوێکدا بێت، گەورەترین زیان بە کۆمەڵگەی کوردستانی لە زۆر دەروازەوە دەگەیێنن، بۆ نموونە:

یەکەم: عەرەب هێشتا خۆی بە نەتەوەیەکی سەردەست دەزانێت و هەمیشە نەتەوەکانی دیکە بە نزمتر لەخۆی سەیر دەکات.

دووەم: عەرەب زۆربەی نەتەوە ئیسلامییەکان بە بەشێک لە ئومەی گەورەی ئیسلام دەزانێت و لێرەوە زمان و دابونەریتی دواکەوتووی کۆنەپارێزانەی خۆی، بەزۆریش بێت دەسەپێنیت.

سێیەم: عەرەب ئەمڕۆ لە عێراق لاوازە و بە بیانووی نەبوونی ئاسایش و کار، بەوپەڕی زیرەکییەوە دەخوازێت نەوەکوو کەرکووک و ناوچەکانی دیکە نەچنەوە سەر باشووری کوردستان، بەڵکوو شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک تەعریب بکاتەوە.

چوارەم: سەپاندی زمانی عەرەبی بە سەر زمانی دانیشتوانی کوردستان دا، لەو شوێنانەی کە کاردەکەن.

پێنجەم: دروستکردنی کێشەگەلی ئابووری لە شارەکاندا، وەکوو کێشەی خانوو و ئاو و کارەبا و خوێندنگە و قەرەباڵغی و تەندروستی، هتد.

شەشەم: گرفتی کۆمەڵایەتی و ئاژاوەنانەوە و لەشفرۆشی. چونکە پێوەری کۆمەڵایەتی نەتەوەی عەرەب زۆر لە هی نەتەوەی کورد جیاوازترە.

حەفتەم: کێشەی کار و هەڕەشەکردن لە کرێکارانی کورد و بێکارکردنیان و دابەزینی ئاستی بژێوی ژیانیان.

هەشتەم: کێشەی چەوسانەوەیان لە لایەن سەرمایەدارە کوردەکان، چونکە ئەوان بۆ بژێوی خۆیان ئامادەن بە کرێیەکی کەم کاربکەن. ئەوەش دەبێتە سەرچاوەی قوڵکردنەوەی گیانی دژایەتی لەگەڵ کرێکارە کوردستانییەکان.

مەترسییەکانی تەعریب لە ڕووی زانستییەوە

لەبەر ڕۆشنایی ئەو هۆکار و مەترسیانەی سەرەوە و کۆمەڵێک فاکتەری دیکە، کۆچکردنی عەرەب بۆ کوردستان، کاردەکاتە سەر دەروون و بیرکردنەوەی تاک و کۆمەڵگەی کوردی بە شێوەیەکی نێگەتیڤ. مێژوو سەلماندویەتی، کە هیچ نەتەوەیەک یان کەمینەیەک دەستبەرداری بوونی خۆی نابێت، کە ئەوەش مافێکی ڕەوایە. پێوەر و نۆرمی جیاواز سەرچاوەی کێشەن.

کاتێک کەسێک یان کۆمەڵێک نیشتمانی خۆیان بەجێ دەهێڵن، هەستی نەتەوایەتیی و بوونی خۆیان لەگەڵ ئەو وڵات و نەتەوە نوێیەی لەگەڵیدا دەژین، دیارتر دەبێت و خۆیان دوورەپەرێز دەگرن. سنوورێک لەنێوان خۆیان و ئەو نەتەوەیەدا دروست دەکەن. لەدایک بوونی ئەو سنوورە زۆر جار دەبێتە هۆی دابڕان لەنێوان نەتەوەی نامۆ و نەتەوەی دووەم . پێویستی ئەو سنوورە لەوەدایە، کە بوونی خۆیان و نەوەکانیان لە توانەوە بپارێزن. ئەو سنوورە دەروونییە زۆر جار کێشەی ڕۆژانە و درێژخایەن دروست دەکات.

لە ڕووی دەروونییەوە، نەتەوە یان کەمینە لە دڵەڕاوکێی ئەوەدایە، کە دابونەریتی نەتەوەی دووەم کارنەکاتە سەر کەسەکانی خۆی.

گومان لەوەدا نییە، کە نەتەوەی میوانداریش یان خاوەن دەسەڵات بۆ توانەوەی ئەو کەمە نەتەوەیە هەموو وزەی خۆی دەخاتە گەڕ، یان بۆ پاراستنی دابونەریتەکانی، بە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و سیستەمی دەسەڵاتەکانی هەوڵ دەدات کەمەنەتەوە ناچار و گۆشەگیر بکات.

لە دیدی کۆمەڵایەتییەوە، نەتەوەی کۆچکردوو بۆ وڵاتی دووەم، کۆمەڵێک کێشەی ڕەوشتی و خێزانی بۆ ئەو وڵاتە دروست دەکات، چونکە لە بارەی ژیانەوە دیسان دوو پێوەر و بیرکردنەوەی جیایان هەیە.

لە ئاستی مێژووییەوە، مانەوەی نەتەوەی کۆچکردوو لە وڵاتی دووەمدا، دەبێتە پرۆسەیەکی بەرجەستە و بوونێکی نوێ لە خاکی نەتەوەی دووەمدا قوت دەکاتەوە. بۆ نموونە؛ تورکەکانی وڵاتی ئەڵمان و عەرەبەکانی فەڕەنسا گەورەترین کێشەن بۆ ئەو دوو وڵاتە. یان ڕووسەکانی سەردەمی ستالین و عەرەبە هاوردەکانی شاری کەرکوک و ناوچەکانی دیکەی ئەمڕۆی کوردستان.

شیکردنەوە و گرێدان

کۆچکردنی عەرەب بۆ باشووری کوردستان، ئەنجامگەلێکی نێگەتیڤ لەسەر کورد وەکوو نەتەوە بەجێ دەهێڵێت:

لە ڕووی ئایینییەوە، لەبەرئەوەی کورد و عەرەب هەردووکیان دوو نەتەوەی موسڵمانن، ئاسانە بۆ تاکێکی عەرەب کاربکاتە سەر تاکێکی کورد، لە هاوسەرگرتن و ڕەفتاری مرۆییدا، ساڵانێکی دێرینە، کە دراوسێشن. پردی ئایین لەنێوان عەرەب و کورد، بەهێزترین کەناڵی بەستنەوەیە، کە عەرەب زیرەکانە چەندەها ساڵە کوردی بە خۆیەوە گرێداوە و تەنانەت کوردستانیش لە فەرهەنگی عەرەبیدا بوونی نییە. بوونی عەرەب لە باشووری کوردستان دەبێتە بەهێزکردنی ئیسلامیی سیاسی و لە ئاکامدا نەمان و لەقکردنی دەسەڵاتی کوردستانی.

هاتنی عەرەب بۆ باشووری کوردستان، واتای بەستنەوەی ی کوردە بە عەرەبەوە و پچڕاندنی چرۆی سەربەخۆیی ئابووری کوردستانە، دژایەتی ڕاستەوخۆی چینی کرێکاری کوردستانییە و لاوازکردنیانە. مانای زاڵبوونی سەرمایەی عەرەبەکانە لە کوردستان.

هاتنی عەرەب بۆ باشووری کوردستان، دژایەتی کردنی زمان و ڕووناکبیری کوردییەوە، میدیای کوردی زۆر لاوازە و توانای بەرگری نییە. منداڵان و لاوانی کوردیش یەکەم توێژن، کە دووچاری زیانی مێژوویی دەبن و کەسایەتییان دەکەوێتە هەڵدێرەوە.

ژنان و کچان بە هەمان شێوە، بگرە گەورەترین زیانیان لە ڕووی مافدا لێ دەکەوێت، چونکە کۆمەڵگەی کورد بۆچوونێکی لیبراڵ و ئازادتری هەیە بە بەراورد لەگەڵ عەرەبدا. هەروەها بوونی ئافرەتی عەرەب لە کوردستان دەبێتە هۆی نزم بوونەوەی ڕادەی هاوسەرگرتن (ژنهێنان و شووکردن) و بڵاوبوونەوەی کاری نابەجێ و پساندنی نۆرمە پیرۆزەکانی کۆمەڵگەی کوردیمان و لاوازی خێزان و پەرتەوازەی تاکی کورد و پچڕاندنی شیرازەی خێزان و نەمانی سۆز و زاڵبوونی گیانی پیاوسالاری.

نیشتەجێبوونی عەرەب لە باشووری کوردستان، دەبێتە هۆی لاوازکردنی ناسنامەی کوردی، کە هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییدایە، چونکە لەبری بایەخدان بە زمان و فەرهەنگی کوردی، زمانی عەرەبی دەبێتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی دانیشتوانی شارەکانی کوردستان .

کوردستان لە قۆناغی دەستپێکی پرۆسەی دیموکراتیدایە، هاتنی عەرەب دەبێتە هۆی شێواندن، یان لاوازکردنی گیانی دیموکراتی لەناو تاک و کۆمەڵگەدا، عەرەب پێوەری خۆیان هەیە لەمەڕ ئازادییەکان و گیانی ئایین و تایفەگەری زاڵە بەسەریاندا.

هۆکارەکان

دوورنییە هێزێکی شاراوە هەبێت هانی عەرەب بدات بە شێوەیەکی سیستەماتیک و ئاشتییانە، دژی سەربەخۆیی کورد بێت و نەخشەی ئایندەی هەبێت بۆ لێدانی کورد و شێواندنی ئاساییشەکەی. ئەگینا عەرەب خاوەنی 22 وڵاتن بۆ ناچن لەوێ کاربکەن، یاخود شارەکانی باشووری عێراق، کە شەڕیان تێدا نییە. لە بیریشمان نەچێت، کە ئەمڕۆ عەرەب خاوەنی هێزی شەڕ نییە.

لاوازی یان نەبوونی هۆشیاریی سەرکردایەتی بزووتنەوە کورد، کە کۆمەڵگەی کوردی لە کۆمەڵگەیەکی ئەکتیڤی بەرهەمهێنەرەوە کردووەتە کۆمەڵگەیەکی پاسیڤ و بەکاربەر و بەرخۆر و تەمبەڵ، هەر چاوەڕێی مووچە بێت، یان دووبەرەکی ساردی نێوان دوو پارتە خاوەن دەسەڵاتدارەکەی ناو کابینەی پێنجەم.

هۆکاری نەبوونی ئاساییش، قەیرانی ئابووری لە شارە عەرەبییەکان و شەڕی نێوان سوننە و شیعە و نەبوونی یاسا و پاشاگەردانی، کە بووەتە هۆی هەڵهاتن و گەڕان بۆ شوێنێکی ئارام، کە بتوانن پارێزگاری لە ژیانی خۆیان بکەن.

ڕێگەچارە

باشترین چارەسەر، چالاکردنەوەی چینی کرێکاری و هێزەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگەی کوردییە، لە تویژێکی خاوەن مووچەی بێ بەرانبەر، بۆ تویژێکی ئەکتیف، کە بوونی خۆی تێدا هەبێت و خۆی لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا سەروەر بێت.

خستنەگەڕی هەموو تواناکان بۆ هۆشیارکردنەوەی تاک و کۆمەڵگەی کوردستانی لە ڕێگەی میدیاکان و یانە ڕووناکبیرییەکان، لە مەترسی هاتنی عەرەب و پرۆسەی بە عەرەبکردنی نوێ و پووچەڵکردنی پیلانی ئەو هێزانەی، کە بەنهێنی هانی کۆچکردنی عەرەب دەدەن بۆ باشووری کوردستان.

دەتوانرێت سوود لە کرێکاری بەشەکانی دیکەی کوردستان وەربگیرێت، کە سەرەڕای گەشەی ئابووری و نەتەوایەتی جێگەی پێویستیی کرێکاری عەرەب دەگرنەوە.

داڕشتنی نەخشەیەک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کارامەیی کارکردنی کرێکارانی باشووری کوردستان، کە پێویستە کرێکارانی بێگانە کەم بکاتەوە، لە ڕێگەی دانانی بودجەیەکی تایبەت بۆ ناردنی کرێکاران بۆ کۆرسی فێربوونی پیشە هاوچەرخەکان.

دانانی یاسای کار، کە جیاوازی نێوان کرێکاری بێگانە و کورد نەهێڵێت و بەیەك چاو سەیری کرێکاران بکرێت، نەوەکوو سوکایەتیکردن.

ناچارکردنی سەرمایەدارە کوردەکان، کە یاسا گشتییەکانی کار بە شێوەیەکی ڕێکوپێک پەیڕەو بکەن، لە ڕێگەی کۆنتراکتی کار و گرێبەستی سەندیکاکانەوە، کە لە باشووری کوردستان دەسەڵاتیان هەیە.

جیاوازیکردن لەنێوان ئەو عەرەبانەی بە هۆکاری ئاسایش و بژێوی ژیان ڕوو دەکەنە کوردستان، لەگەڵ ئەو عەرەبە شۆڤینستانەی، کە بۆ کاری تێکدان و ئاژاوەگێڕی خۆیان مەڵاس دەدەن . ئەمەش ئەرکی دەزگاکانی حکوومەتی باشووری کوردستانە، کە بە شێوەیەکی دینامیکی و بەردەوام کاری بۆ بکات.

بەستنەوەی ئامانجی پرۆگرامی خوێندنگاکانی باشووری کوردستان بە بنەمای ژێرخانەوە، کە ببێتە تەواوکەر و پاڵپشتی دواڕۆژێکی پرشنگدار بۆ بناغەی کوردستانێکی سەربەخۆ.

لە سەر ڕۆشنایی ئەم لێکۆڵینەوە بابەتییە، ئەرکی سەرشانی حکوومەتی باشووری کوردستان و سەرمایەدارە کوردەکانە، کە بە گیانێکی نەتەوایەتییەوە بڕواننە قەیرانی کۆچکردنی کرێکاری عەرەب بۆ کوردستان. کە کار بۆ کرێکاری کورد و کارمەندی خانەخۆیی پەیدابکەن، نەوەکوو کرێکاری بێگانە، کە گیروگرفتی هەنووکەیی و مێژوویی بەدواوەیە. چونکە بەهێزبوونی ئابووری لە کوردستان دەبێتە هۆی گەشەسەندنی لایەنەکانی دیکەی ژیانی کورد وەکوو نەتەوە.